| | | |
|---|---|---|
| [redacted] | [redacted] | |
| [redacted] | [redacted] | |
| [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| [redacted] | [redacted] | [redacted] |
| [redacted] | | |
| [redacted] | [redacted] | |
| [redacted] | [redacted] | [redacted] |

# پێشەکی پێناسەی کۆرسەکە

یاری تۆپی دەست یەکێکە لە یارییە بە کۆمەڵەکان کە ئاستێکی بەرزی جیهانی هەیە و لە پێشبڕکێی یاریەکانی ئۆلۆمپیدا بەشداری دەکات سەرەڕای چەندەها پاڵەوانێتی جیهانی و کیشوەری و ناوخۆیی کە بۆ ئەم یاریە ساز دەکرێت ، ئەمە وای لە پەیمانگا و کۆلێژەکانی پەوەردەی وەرزشی کردووە لە جیهاندا کە ئەم یارییە وەکو وانەیەکی سەرەکی بخەنە پرۆگرامی خوێندنەوە ، وە خوێندکار لە کۆلێجی پەوەردەی وەرزشی زانکۆی سلێمانی ئەم وانەیەی لە قۆناغە جیاجیاکاندا دا دەخوێنێت کە بریتیە لە سەرجەم کارامە سەرەکیەکانی یاری تۆپی دەست کە پێویستە خوێندکار فێریان بێت و بیانزانێت بۆ فێربوونی ئەنجامدانی یاری تۆپی دەست ، وە هەروەها یاساکان و شێوازی پلاندانان(تكتيك) دەخوێنێت.

وە پێویستە ئەوە بزانین کە هەموو یارییە بە کۆمەڵەکان پێویستیان بە ئاستێکی بەرزی تواناى جەستەیی و کارامەیی هەیە و وە هەروەها ئەم یاریە وەك سەرجەم یاریەکانی تر پێویستی بە چەند یاساو ڕێسایەکی پیلان تایبەت هەیە بۆ ئەوەی لە چوار چێوەیەکی روون و ئاشکرا دا بەڕێوە بچێت  کە ئەمەش تەواوکەری فێربونی کارامە بنەڕەتیەکانە کە لە قۆناغەکانی پێشودا خوێنراوە.

وە یاساکان لە یاری تۆپی دەستدا بە کۆمەڵێك قۆناغی مێژووی جیاجیادا تێپەڕیوە  وە هەر کاتێك کارامە بنەڕەتی و لیهاتووی جەستەیی یەکانی ئەم یاریە پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت بە هەمان شێوە یاساکانی ئەم یاریە گوڕانکاری تەواوی بەسەردا هاتووە هەربۆیە شێوازی یاریکردن لەم ساڵانەی دوایداخێرای یەکی زیاترو هێزو توانایەکی لە ڕادە بەدەری پێویستە ،وەهەروەها پلان دانان لە م یاریەدا زوریك لە کەسانی شارەزای سەر قاڵ کردوە بە شیوەیەك کەئەم یاریە بەبێ پیلا ن بەڕیوە ناچیت تەنانەت تیپە بەهیزە کان لەهەر ساتیکی یاریدا بەپیلانیکی جیا یاری دەکەن ئەمەش وای کردوە کەبایەخێکی زور بە پلان دانان بدرێت.

## ئاما نجی کۆرسەکە

لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە کە خوێندکار لە پێویستی و گرنگی خوێندنی ئەم وانەیە تێبگات ، چونکە خوێندنی یاساو ڕێساکان وپلان دانان لەم قۆناغەدا دەبێتە هۆی ئاشنابوونی خوێندکار بەم یارییە و فێربوونی چۆنیەتی ئەنجامدانی کارامە سەرەکیەکانی بەشێوەیەکی ڕاست و دوور لە هەڵە ، چونکە فێربوونی یاسا وپلان دانان لە تۆپی دەست هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی خوێندکار وەکو یاریکەرێك یان راهێنەریك یان داوەرێك بتوانێت لە داهاتودا یاری تۆپی دەست ئەنجام بدات وە لەم قۆناغەدا خوێندکار فێری یاساکان وچونیتی پلان دانان ئەم یارییە دەبێت، وە خوێندکار دەتوانێت یاساو ڕیساکان وپلان دانان بەشێوەیەکی باش ئەنجام بدات بە پێی ئەو ئەرکەی کە پێی دەسپێریت ، وە هاوکاری هاوڕێکانی و لەداهاتوشدا خوێندکارەکان بکات وە دەبێت خوێندکار لە کۆتایی ساڵی خوێند ندا فێرببێت کە:

١- مادەکانی یاسای ئەم یاریە بە باشی بزانێت .

٢- پێویستە خوێندکار فێری کیشانی هیڵی یاریگا ببێت .

٣- پێوستە خوێندکار بەباشی فێری استمارەی تومارکردنی یاری تۆپی دەست ببێت.

٣- پێویستە خوێندکار تا رادەیەك فیری داوەری وبەڕیوە بردنی یاری توپی دەست ببێت.

٤- پێوستە خوێندکار شارەزایی تەواوی لە پلان دانان دا هەبیت .

٥- پێوستە خوێندکار شارەزایی تەواوی لە شوینی یاریزانەکان لەناو یاریگادا هەبێت.

### سەرچاوەکان


**سەرچاوە بنەڕەتیەکان:**

کمال عارف ظاهر و سعد محسن اسماعیل : کرة الید ،جامعة بغداد ، بیت الحکمة ،١٩٨٧.

**سەرچاوەی سوودبەخش:**

أحمد عريبي عودة : كرة اليد و عناصرها الاساسية ، بغداد ،مكتب دار السلام ،٢٠٠٤.

# خشتەی وانەکان

| ژ | ناونیشانی بابەت | ناوی مامۆستا |
|---|---|---|
| ١ | مادەی(١) یاریگا | م.م ئاوات احمد فقی |
| ٢ | مادەی(٢) کاتی یاری، هیمای کوتایی ،کاتی دابراو | م.م ئاوات احمد فقی |
| ٣ | مادەی(٣) تۆپ | م.م ئاوات احمد فقی |
| ٤ | مادەی(٤) تیپ ،ئالوگۆرینی یاریکەرەکان،کەلوپەلەکان | م.م ئاوات احمد فقی |
| ٥ | مادەی(٥) گوڵچی | م.م ئاوات احمد فقی |
| ٦ | مادەی(٦) ناوچەی گوڵ | م.م ئاوات احمد فقی |
| ٧ | مادەی(٧) یاری کردن بەتوپ | م.م ئاوات احمد فقی |
| ٨ | مادەی(٨) هەڵەو کرداری ناوەرزشی | م.م ئاوات احمد فقی |
| ٩ | مادەی(٩) تومارکردنی گوڵ | م.م ئاوات احمد فقی |
| ١٠ | مادەی(١٠)هەڵدانی سەرەتا | م.م ئاوات احمد فقی |
| ١١ | مادەی(١١)هەڵدانی لا | م.م ئاوات احمد فقی |
| ١٢ | مادەی(١٢) هەڵدانی گوڵچی | م.م ئاوات احمد فقی |
| ١٣ | مادەی(١٣) هەڵدانی ئازاد | م.م ئاوات احمد فقی |
| ١٤ | مادەی(١٤)هەڵدانی(٧)م | م.م ئاوات احمد فقی |
| ١٥ | مادەی(١٥)رینماییە گشتیەکان بۆ جیبەجێ کردنی | م.م ئاوات احمد فقی |
| ١٦ | مادەی(١٦)سزادان | م.م ئاوات احمد فقی |
| ١٧ | مادەی(١٧)داوەرەکان | م.م ئاوات احمد فقی |
| ١٨ | مادەی(١٨)کات گروتومارکەر | م.م ئاوات احمد فقی |